## Referendum Movement in Kurdistan
## کۆمیتە باڵاکانی ڕیفراندۆم – دەرەوەی وڵات

### وەڵامێکی ڕیفراندۆمانە بۆ وەڵامەکانی سەرۆکی کاتی عێراق، غازی یاوەر

ڕیفراندۆم باشترین خەباتی مۆدێرنە لە بەرامبەر ئەگەرەکانی دژایەتی کردنی نەتەوەیەکدا. بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو مەترسییە سیاسی و یاساییانەیە کە ئەمڕۆکە لەسەر ئاستی ناوخۆ، ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا ڕووبەڕووی چارەنووسی گەلەکەمان دەبێتەوە.

دوای خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکەی 10/02 ی جەماوەری نەتەوەکەمان لە کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا کە کۆمیتە باڵاکانی کوردستان و هەندەران ڕێکیان خست بوو، بە مەبەستی (جەخت کردنەوە لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک و ئەو ناوچانەی کە بەڵگە مێژووییەکان گەواهی کوردستانی بوونیان دەدەن و هەروەها پیادەکردنی ڕاپرسییەکی گشتی لە کوردستاندا). بزوتنەوەی ڕیفراندۆم پێینایە قۆناغێکی دیکە و، ئەمەش دیارە زۆر لایەنی دڵگران کردووە و وای لێکردون کە بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکانەوە هەڵوێستی خۆیان دەرببڕن.

سەرۆک کۆماری کاتی عێراقی فیدراڵ غازی عەجیل ئەلیاوەر یەکێکە لەو لایەنانە و لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی ئەلعەرەبیە، باسی لەوە کرد، ( **ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کوردستاندا خیانەتی نیشتمانیی کوردە بەرامبەر بە عێراق و ئەو خەڵکانەشی باسی جوداخوازی و سەربەخۆیی دەکەن قبوڵی ناکەن و بە هەموو هێزو توانایانەوە دژی دەوەستن**).

ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە ئاشکرا پێناسەی خۆمان و بزوتنەوەکەمان کردووە، پرۆژەکەش یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. پرۆژەیەکی ئاشتیخوازانە و سیاسیانەی سەردەمە کە لەگەڵ هەموو یاسایەکی نێودەوڵەتیدا دەگونجێت. هەروەها لەسەر بنچینەی دژایەتی هیچ لایەن و نەتەوەو کەمایەتییەک دروست نەکراوە. ئەوەی ئامانجمانە و بانگەشەی بۆ دەکەین تەنها پرس کردنە بە گەلەکەمان لە مەسەلە چارەنووسسازەکانیدا.

زیاتر لە 80 ساڵە عێراق بەزۆر و زۆرداری بەڕێوە دەچێت و، لەم ماوە درێژەی تەمەنی ئەم وڵاتەدا نەتوانراوە پێناسەی هاووڵاتی و بە عێراقی بوونی کۆمەڵگاکە دروست بکرێت. تەنها چەک و کوشتن و کیمیایی و ئەنفال و زیندان و لە سێدارەدان زامنی مانەوەی بووە. مەلیک فەیسەل، یەکەم پادشای دەوڵەتی دروستکراوی دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەر لە مردنی و لە ساڵی 1933 دا دەڵێت: ( **بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە دەڵێم کە هێشتا لە عێراقدا خەڵکی عێراقی نییە**). لەو کاتەوەو تا ئێستاش هەستی بە عێراقی بوون نەک لای کورد بەڵکو لە پێکهاتەکانی تریشدا دروست نەبووە.

ئێستاش کە باس لە عێراقی فیدرال و دیموکراتی دەکرێت، سەیرە لێدوانی سەرۆکی عێراق لەسەر ئەم بزوتنەوەیەو چارەنووسی نەتەوەیەک بەم شێوەیە بێت. ئایا ئەو عێراقەی ئەم لە بارێکی نائاساییدا و بە بێ دەنگدان بوو بە سەرۆکی، دیموکراتی بوونەکەی جێگای پرس کردن بە خەڵک و دەنگدان و ڕای ئازادی تیا نابێتەوە؟. ئایا دەیانەوێت دیسان نەتەوەی عەرەب سەردەستە و برا گەورە بێت و ئەوان بڕیاری چارەنووسی 5 ملیۆن خەڵکی کوردستان بدەن و، دیسان دەنگمان کپ بکەن؟. ئایا عێراقێکی هەڵوەشاوە کە بە یارمەتی و هاوکاری و هەوڵی چەندین لایەنی ناوخۆ و دەرەکی هێشتا دروست

نەکراوەتەوەو خاوەنی هێزێکی سەربازی و ئابوری لاوازە، ئەمە هەڕەشەی ئەمڕۆی سەرۆکەکەی بێت لە کورد، دەبێت لە دوارِۆژدا چ وەلامێکی سەربازی و جینۆساید و کوشتن و بڕینمان بداتەوە؟!.
دیارە غازی یاوەر سنوری بیرکردنەوەی لە عەشیرەتەکەی تێناپەڕێت، هەر بۆیە ووشەی ڕیفراندۆم بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت لێک دەداتەوە، پاشانیش سنوری ئەو دیمکراتیەی لە وڵاتەکەیدا پیادەی دەکات دیارە تەنها بۆ بەشە عەرەبییەکەی عێراقە و هیچ نەتەوەو کەمایەتییەکی تر بۆی نییە ڕای هەبێت. باس لە خیانەتی نیشتمانی دەکات، تەنانەت لەوەشدا بە هەڵەدا چووە، نازانێت کە کورد باس لە مافی چارەنووسی خۆی دەکات، دەیەوێت ئازادانە پرسی پێ بکرێت کە ئایا لە عێراقدا دەمێنێتەوە یان نا. کە ئەمەش خزمەتکردنە بە عێراق ئەگەر خەڵکی کورد ڕای بۆ مانەوە دا لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەداو هەستی هاونیشتمانی بۆ دروست ببێت و بمێنێتەوە. خۆ ئەگەر نا ئەوا وەکو هەموو گەلێکی ئەم جیهانە کوردیش مافی خۆیەتی سنور و ئالایەکی هەبێت و چیتر نەچەوسێنرێتەوە.
کورد نەبووەتە بەکرێگیراو و تیرۆریست، تا ئاسایشی وڵات لە ڕێگەی تەقینەوەو خەڵک ڕفاندن و کارە تیرۆریستییەکانەوە تێک بدات و خیانەتی نیشتمانی بکات. هەر بۆیە غازی یاوەر باشترە پشتگیری ئەو پرۆژە سیاسییە ئاشتیخواز و مەدەنییانە بکات و، بۆ ئەم بارە نائاساییەش جارێ چارەسەری ئەو کارە تیرۆریستی و قێزەوونانەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بکات و، هەڵمەتێکی فراوانی ڕۆشنبیری و دیموکراتی و مەدەنییانەی تیادا پیادە بکات. تا ئەوانیش بە هۆش بێنەوەو تێ بگەن لە کۆمەڵگای دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی دنیای ئەمڕۆدا، تەنها دیالۆگ و دانوستان و خەباتی سیاسیانەو ئاشتییانە جێگای دەبێتەوە. هەروەها باهۆزی دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی و جیهانی ئەمڕۆی عەولەمەش گەرەنتی مانەوەی کورد و هیچ نەتەوەیەکی تر لە چوارچێوەی وڵاتە بەزۆر دروست کراوەکاندا ناکات. مێژووی دورو نزیکیش بەڵگەی ئەم ڕاستییەن کە دەسەلاتی سەپێنراو و چەوسانەوە، زامنی مانەوەی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی هیچ وڵاتێک ناکەن.

بژی خەباتی ئاشتییانە و سیاسییانەی خەڵکی کوردستان، هەر زیندو بێت خەباتی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم لە پێناو پیادەکردنی ڕاپرسی لە کوردستاندا.

کۆمیتە بالاکانی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم/ دەرەوەی وڵات
2004 / 10 / 06